## دووەم: چەمک و پێناسەی ئاسایشی

ئاسایش چی دەگەیەنێت؟ ئەو پرسیارە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لەسەر فەلسەفەی مەعریفەت، بەتایبەت ئەوپرسیارانەی پەیوەستن بە ئیپیستمۆلۆجیاوە (epistemology) (چۆن ئەوشتانە دەزانین کە دەیانزانین)، دەربارەی ئۆنتۆلۆجی (ontology) (ئێمە پێمان وایە چی شتێک و دیاردەیەک جیهانی کۆمەڵایەتی دروستکردووە)، پاشان دەربارەی میتۆدۆلۆجی (methodology) (ئێمە چۆن دیراسەتی جیهانی کۆمەڵایەتی دەکەین). ئەگەر ئێمە پێمان وابێت چەمکی ئاسایش چەمکێکی قسە لەسەرو جێگەی ناکۆکییە، ئەوە دەتوانین بڵێین لە لایەنی دەرهەست وتیۆریدا ناتوانین بگەینە هیچ جۆرە پێناسەیەکی یەککگرتوو ورەها.

سەرەڕای کارێکی زۆری شارەزاکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بۆ وێناکردن (conceptualize) و تیۆریزەکردن (theorize) 'ئاسایش' بە ڕێگایەکی پوخت و سیستەماتیکی، تا ئێستا هیچ پێناسەیەکی گشتگیر لە ئارادا نییە. تاکە شت زۆربەی شارەزاکان لەسەری کۆک بن ئەوەیە چەمکی 'ئاسایش' چەمکێکی قسە لەسەرو پڕ ناکۆکییە، وە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە. هەروەک باری بۆزان (1991b، ١٥-١٦) دەنووسێت 'ئاسایش چەمکێکی پڕناکۆکییە وبەرەورووی هەرهەوڵدانێک بۆپێشکەش کردنی پێناسەیەکی گشتگیر دەوەستێتەوە'. لەگەڵ ئەمەشدا، بەشێک لە شارەزاکان لەسەرئەوڕایە تارادەیەک کۆکن کە ئاسایش بریتییە لە ئازادیی لە دەست ئەو هەڕەشانەی لەسەر بەها گەورەکان هەیە، بەڵام ناکۆکی گەورە لەسەر ناوەڕۆکی شیکردنەوەی ئاسایشدایە، ئاخۆ دەبێت ناوەڕۆ و تەرکیزی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئاسایشی 'تاک'، 'نەتەوە' یا 'نێونەتەوەیی' بێت. بۆ نموونە، هەندێک پێیان وایە تەنها جەختکردن لەسەر ئاسایشی دەوڵەتەکان، وە کێشەی نێوان دەوڵەتەکان بووە هۆی پشتگوێخستنی ئەوگۆرانکارییە بنەڕەتییانەی کە جیهانی سیاسەت لە دوای جەنگی سارددا بەخۆیەوە بینیبووی. وە بۆ هەندێکی دیکە، پرۆسەی دوولایەنەی پێکەوە گرێدانی نێوان وڵاتان (وەکوو یەکێتی ئەوروپا) و پرۆسەی لێک هەڵوەشاندنەوە و لاواز کردنی وڵاتەکان (وەکوو یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلافیا)وکە خەسڵەتێکی سەردەمی جیهانی سیاسەتی دوای جەنگی ساردن، بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە جاران گرینگیی بە ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگا بدرێت، لەبەر سەرهەڵدانی چەندین کێشەی نوێ لەسەرپرسی سنووروناسنامە (بەیلیس، ٢٠١١، ٢٥٤).

ئاسایش بە شێوەیەکی باووا سەیرکراوە کە دەبێتە هۆی لابردنی هەڕەشە لەسەربەها گرینگ، بەنرخ وخوازراوەکان، بە تایبەت نەهێشتن ولابردنی ئەوهەڕەشانەی ئەگەرهاتوو ڕووبەڕوویان نەبێتەوە

دەبێتە هۆی هەڕەشە لەسەر بوون و مانەوەی ئەو لایەنەی کە هەڕەشەکەی لەسەرە لە ئێستا یان لە ئایندەیەکی نزیکدا. لەگەڵ ئەوەی زۆرجار ئاسایش و مانەوە وەکو پەیوەستییەکی توندبەیەک سەیردەکرێن، بەلام لە راستیدا ئەو دوانە هاوواتای یەکدی نین. لە کاتێک 'مانەوە' بریتییە لە هەل و مەرجی بوون و وجود، بەڵام ئاسایش بریتییە لە توانای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە باڵاکان (وێلیامس، ٢٠١٣: ٦).

لەگەڵ ئەمەشدا، چەمکی ئاسایش بەردەوام وەکو چەمکێکی پۆزەتیڤ سەیرنەکراوە. بە درێژایی چاخەکانی ناوەڕاست لە گوتاری سیۆلۆجی ئەو چاخەوە سەیری ئاسایش وەکو بارێکی نێگەتیڤ کراوە (وەیڤەر، ٢٠٠٤: ٥٥) (بۆزانیاری ورد لە سەرمێژووی پەرەسەندنی ئاسایش لە قۆناغە جیاوازەکان بڕوانە: لێن هانس و باری بۆزان: ٢٠٠٩). لەبەرئەوە زۆرگرنگە ئاگاداری ئەو باکگراوندە مێژووییە بین کە چەمکی ئاسایش تیایدا گەشەی کردووە. زۆرێک پێیان وایە بە هۆی ئەو هەموو ناکۆکییانە لەسەر چەمکی ئاسایش، خودی بابەتی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش رووبەرووی کێشەی زۆرکردۆتەوە، بە تایبەت لەبەرنەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر ئەوەی ئاسایش چییە، لەسەر پرسیارە جەوهەرییەکانی ئاسایش، لەسەر ئەوەی ئاسایش چەمکە، ئامانجە یا دیسیپلینێکی سەربەخۆیە. هەرچەند ئەو جیاوازییانە کێشەی زۆری بۆ قوتابی و توێژەرەنی ئەو بوارە دروست دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا بووتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتی ئاسایش، بووەتە هۆی دروستکردنی بوارێکی زۆر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایش.

باری بۆزان (1991b: ١) پێیوایە ئەو پەرەسەندنە خێراییەی ئاسایش بووە هۆی ئەوەی چەمکی ئاسایش بە ناتەواوی و گەشەنەکردوویی بهێڵدرێتەوە. بۆزان هۆکاری ئەو گەشەنەکردنەی ئاسایش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێنێتەوە. لەوانە چەمکی ئاسایش وەکو چەمکێکی زۆر ئاڵۆز بۆ شیکەرەوەکان دەردەکەوێت، بۆیە شیکەرەوەکان زیاتر پەنا بۆ کارکردن لەسەر ئەو چەمکانە دەدەن کە قابیلی کۆنترۆڵکردنن، دەتوان چوارچێوەیەکی ڕۆشنی بۆ دیاربکەن.

هەروەها ئاسایش زۆرجار، بە تایبەت لە لای ریالیستەکان، وەکو هاوواتای 'هێز' سەیردەکرێت. ئاسایش زۆرجاروەکو چەمکێک کە سەرچاوەی گرتووە یا گرێدراوە بە کۆمەڵێک چەمکی دیکەوە - لەوانە هێز، سەروەری، رەدع، ستراتیژیەت و هتد... ئەمەش بووە پشتگوێخستنی خودی چەمکی ئاسایش، یا سەیرنەکردنی وەکو چەمکێکی سەربەخۆ.

بۆزان دەست بۆ خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش دەبات ئەویش پەیوەندیی بە پیادەی دەسەڵاتەوە هەیە، چونکە دەسەڵات لە بەرپاراستنی بەرژەوەندی خۆی باکی بە ڕۆشنکردنی چەمکی ئاسایش نەبووە، بەڵکوو کاری لەسەر ئاڵۆزکردنی مانای ئاسایش کردووە.

ئەگەربۆباری بۆزان کێشەی ئاسایش ئەوە بێت کە بەپێی پێویست ئەوچەمکە گەشەی نەکردووە، ئەوە بۆکەسێکی وەکو جۆن گارنێت کێشەی ئاسایش بریتییە لە گەشەکردنیکی زیاد لە پێویست. بۆهەندێ، کۆتاییهاتنی جەنگی سارد کاریگەری گەورەی لەسەر تەواوی بابەتەکانی ئاسایش دروستکرد، بەڵام بەشێکی دیکە پێیوایە ئەو ڕووداوانە نەیتوانی سروشتی ئاسایس بگۆڕێت. گارنێت (١٩٩٦: ١٢) بەو شێوەیە دەنووسێت: 'چوارچێوەی ئاسایش زیاد لە پێویست فراوان بووە بە جۆرێک لە ژێرمەترسیدایە ببێتە چەمکێکی بێ مانا و بێ ناوەڕۆک'. هیچ پێویستییەکمان بە قووڵکردنەوە (deepening) و فراوانکردنی (widening) چەمکی ئاسایش نییە، چونکە ئاسایش چەمکێکە ئێمە لە ڕێگای پیادە کردنەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاشنای دەبین. بەم شێوەیە ڕەنگە فراوانکردن وگەشەکردنی چەمکی ئاسایش ببێتە مایەی زیاتری ناڕۆشنکردن ولێڵکردنی پرسەکان، ئاڵۆزکردنی گفتوگۆکان لەسەرئاسایش.

ئاسایش وەکو ئایدیا، وەکو چەمک یا تێڕامان زۆردووره لەوەی سەقامگیرونەگۆڕ وسادە بێت (وەیڤەر، ٢٠٠٤: ٥٤). ئەو پەرتووکە هەوڵی لەخۆگرتنی پێناسەیەک و لێکدانەوەیەکی فراوان و قووڵی ئاسایش دەدات بە لە خۆگرتنی هەڕەشە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاسایشی تاکەکان، بە مەبەستی مامەڵە کردن لەگەڵ ئاسایش لە سەرووی چەمک و گریمانە کلاسیکییەکان. پێناسەکەی بیل ماکسوێنی زۆرترین ڕەهەندی گۆڕانکارییە تیۆری وپراکتیکییەکانی هاوچەرخی ئاسایشی لە خۆگرتووە، ماکسوێنی (١٩٩٩: ١) پێیوایە 'ئاسایش چەمکێکی زەحمەتە بۆ تێگەیشتن، وە بەرەنگاری هەر پێناسەکردنێک دەبێتەوە. ئاسایش لە زیاترلە بەستێنێکەوە بۆکۆمەڵێک مەبەستی جۆراوجۆر لەلایەن تاکەکان، گرووپەکان، حکومەتەکان و ئەکادیمییەکانەوە بەکاردێت. ئاسایش لە نێوان ئامراز و ئامانجەکاندا زۆرێک لە تێکهەڵچڕژان و ناڕۆشنی لە خۆگرتووە، هەروەها تێکەڵییەک و ناڕۆشنییەکی زۆرلە نێوان ئاسایشی تاک ونەتەوەیی ونێونەتەوەییەوە'.

ئاسایش ئازادییەکی ڕێژەییە لە دەست جەنگدا، یەکانگیرە لەگەڵ پێشبینییەکی بەرزی ڕێژەییانە کە کاتێک جەنگ ڕوودەدات، شکست ئاکامی ئەو جەنگە نابێت (بێلامی، ١٩٨١: ١٠٢).

ئاسایش ئاماژەپێدەرێکی بەهێزە، و بانگەشەکردنی ئاسایش دەبێتە هۆی ئەوەی دیاردەیەک لە بواری سیاسەتی رۆژانە دەربهێندرێت و وەکو هەڕەشەیەکی وجودی پێشانبدرێت کە پێویستی بە گرتنبەری رێوشوێنە لەناکاوەکان دەبێت، ئەو بانگەشەیە پاساو بۆ کردارەکان لە دەرەوەی سنورە ئاساییەکان وری و شوێنی سیاسییەکان دەهێنێتەوە (وەیڤەر،a ١٩٩٥: ١).

نەتەوەیەک ئەوکاتە ئاسایشی پارێزراوە کاتێک ناچارنەبێت قوربانی بە بەها جەوهەرییەکان و بەرژەوەدنییە رەوەکانی بدات لە پێناو دوورخستنەوەی جەنگ، هەروەها کاتێک هەڕەشەی لێدەکرێت و دەچێتە جەنگەوە، توانای پاراستنی بەها و بەرژەوەدنییەکانی هەبێت لە رێگای سەرکەوتن لە جەنگێکی لەم شێوەدا (لیپمان، ١٩٤٣: ٥١).

ئاسایشی نیشتیمانی رەنگە پێناسە بکرێت وەکو توانای رووبەڕووبوونەوەی دەست درێژییە دەرەکییەکان (لۆشیانی، ١٩٨٨: ١٥١).

هەڕەشە لەسەرئاسایشی نیشتیمانی بریتییە لە کردارێک یان زنجیرە روداوێک کە (١) دەبێتە هۆی هەڕەشەی سەراپا و لە ماوەی کاتێکی زۆرکوورتدا لەسەرئاستی ژیانی خەڵک لە وڵاتدا. یا (٢) هەڕەشەیەکی گەورە دروستدەکات لە رێگای نەهێشتن و کورتکردنەوەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەبەردەم سیاسەتی حکومەت و دەوڵەت وکیانە تایبەت و ناحکومییەکان دایە (ئوڵمان، ١٩٨٣: ١٣٣).

ئاسایش-نائاسایش لە پەیوەندیدا بە بابەتە هەستیارەکانی سەرهەردوو ئاستی ناوەخۆیی و دەرەکی پێناسەدەکرێت کە دەبنە هۆی هەڕەشە یاخود ئەگەری هێنانەخوارەوە و لاوازکردنی ساختارەکانی دەوڵەت: لەسەر هەردووک ساختار جوگرافی و دامەزراوەیی، هەروەها ساختاری رژێمی حوکم کردن (ئەیوب، ١٩٩٥: ٩).

ئاسایش بریتییە لە نەبوونی هەڕەشە، بریتییە لە رزگاردکردن و ئازادکردنی مرۆڤەکان (تاکەکان و گرووپەکان) لە دەست ئەو رێبەستە جەستەیی و مرۆییانەی کە رێگەیان لێدەگرێت ئەو کارانە بکەن کە کاتێک ئازادن لە هەڵبژاردنیان. جەنگ و هەڕەشەی جەنگ یەکێکن لەورێبەستانە، لەگەڵ بابەتەکانی هەژاری، خراپی پەروەردە، ستەمی سیاسی وهتد. ئازادیی و ئاسایش دوو رووی سەرهەمان دراون. ئازادیی، نەوەک هێزو رێسا و یاسا، بە تەنها دەتوانێت ئاسایشی راستەقینە دابینبکات (بۆتس، ١٩٩١: ٣١٩).

ئەگەر خەڵک، جا ئەگەر وەزیرەکانی حکومەت و کەسە تایبەتەکان بن، هەستیان کرد کە پرسێک دەبێتە هۆی هەڕەشە لەسەرژیانیان لە هەندێک لاوە وکە دەبێت سیاسیانە وەڵامی

ئەوپرسە بدرێتەوە، پاشان ئەوپرسە دەکرێت وەکوپرسێکی ئاسایش ببینرێت (هۆگ، ٢٠٠٤: ٩).

ئاسایش تەنها چەمک و بابەتێک کۆمەڵایەتی نییە کە دەبێت بخوێندرێت و شیبکرێتەوە، بەڵکوو کێشەیەکە دەبێت ئیدارە بکرێت یا کۆنترۆڵ بکرێت لە لایەن کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە لەسەربنەمایەکی دیاریکراو، ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانە دەیانەوێت هیوای مانەوەیان بخوازن (سمیس، ٢٠١٠b:٢).

ئاسایشێکی سەقامگیر تەنها لە ڕێگای خەڵک و گرووپەکانەوە دەکرێت بەدەستبهێندرێت بەمەرجێک ئەوانە کەسانی دیکە دوورنەخەنەوە؛ ئەگەر لە ئاسایش تێگەیشتین وەکو پرۆسەی رزگاربوون ئەوا دەکرێت بەدەستیبهێنین (ویلەروبۆتس، ١٩٩٤).